# ئیفلیێك لە هەنار و سیاچەمانە



بۆ: لەیلاخان رەسوولی

هاوژینی ئێستا –بە ناچار- لێك دابڕاوم

سنە – جەهانگیر غەفاری
jahangir_ghafari@yahoo.com

1

گەر زانیبام
دەردی دووری هێندە سەختە،
ئاسمان
ئاوێتەی رەشبەڵەكی چاوان دەكات
دڵەخورپەی زەوین
خوداش ئەگرێ.
قەڵەم شێت ئەبێ.
گەر زانیبام
زامی دووری هێندە قووڵە
هیچ حەكیمێك ناوێرێ بیدوێنێ.
گەر زانیبام
چركەیەك لەم دووریە، هەزاران ساڵی نووریە و
تەپ و تۆزی
لە چاو تروكانێكا
چوار سووچی جیهان تەی ئەكات.
گەر زانیبام
لە سێبەری دووری تۆدا
پەنجەكانم ئەژاكێن و
گۆرانی لێوم بە جێ دێڵێ
سیمام زستانەكانی ژوان
بە جارێك دەگرێتە باوەش.
گەر زانیبام
ئەم ئازارە شائازارە و
عاشق گەر پۆڵاش بێ

ئەیتاوێنێ.
گەر باران بێ
ویشکایی دێنێ.
گەر ئاگر بێ
ئەیتاسێنێ.
گەر زانیبام
ئەم مەرگە هێندە پشوو درێژە
لە سەفەردا،
بوونەوەرێك بەرێم دەكات.
گەر زانیبام
ئەم «هیچ»ە
ملیۆنەها هیچستانی لێ شین دەبێ،
نەك هەر «نیچە» بەڵكە مێژووش
ناتوانێ بینووسێتەوە.
گەر زانیبام
ئەم ئەنفالە
ئەوەندە قوربانی دەگرێ،
بۆ سەدان «شێركۆ بێكەس»
ناهۆنرێتەوە.
گەر زانیبام
ئەم تراژیدیایە
مرۆڤی تەنیاتر لە خوا
دائەتاشێ.
هەرگیز هەرگیز
باڵندەی تامەزرۆی دڵم
بۆ ساباتی تەنیایی تۆ
نەئەنارد و
كۆتری خۆشگمەی بیرم
بە بیری تۆ نەدەناساند.

2

هەر شاخنشین دەزانێ
دابڕانی نیشتمان و ئازادی
لە دابڕانی لێوی كۆرپە و گۆی مەمكی دایك ئەچێ!
هەر شەهید دەزانێ
لە پێناوی چ عەشقێكدا

گیانی ئاوێزانی چیا دەکات

3

گەر وام زانیبا

«ئیفل»ێك لە هەنار و سیاچەمانە و

«سلێمانی»ێك لە سەعید و سروود و

«قەسیدە»یەك لە کاروانی ئالاّ و

«جیهان»ێك لە رەنجی ژنی کوردم

ئەهۆنیەوە.

4

ئەگەر شەماڵی پەیڤی ئاسۆ و

زێوین تیشکی هەواری خانی و

تین و تاوی ئەو سیمایە

کوردستانی تیا ئەبینرێ

نەبوونایە...

دوادێڕی ئەم مەرگەساتەم

لە خەڵوەتی بێ تۆییدا

بە خوێن و زووخاو ئەنووسی

5

لە بیرت دێ

بەر لەوەی لێوم

بە کارەتی گۆنات بخوات

بەر لەوەی گەرمی لەشت

پەنجەی ساردم سارێژ بکات

بە ناوی نیشتمانەوە

لە سێبەری ئالاّوە

پەیمانمان بەست

ئاخ ... لە بیرت دێ؟

2704/10/20ی کوردی